Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان








## پێشوازی لە شاند و نوێنەرایەتی ژمارەیەک لە هێزە کوردستانییەکان

لە ماوەی رابردوودا، بە ئامادە بوونی بەڕێز سکرتێری گشتی؛ کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێشوازیی لە ژمارەیەک هێز و لایەنی کوردستانی کردووە.

لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەدا، راپەڕینی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و زەرورەتی هاوکاری نێوان هێزە نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە هێزکردنی هاوپشتی نێوان هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد تەوەری سەرەکیی ئەودیدار و چاوپێکەوتنانە بوون.

شاند و نوێنەرانی پارت و لایەنە کوردستانییەکان، هاوخەمی خۆیان بە بۆنەن شەهیدکرانی کاک شوانەی سەید قادری ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانەوە دەربڕییەوە و پشتیوانیی لە ماف و ئازادییە رەواکانی رۆڵەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان و هەموولایەنە نەتەوەییەکان داناوە.

ناوی ئەو حیزب و لایەنانە بریتیە لە:

1- پارتی دیمۆکراتی کوردستان - باکور
2- پارتی دیمۆکراتی کورد لە سوریا - الپارتی
3- پارتی یەکێتی دیمۆکراتی کوردلە سوریا – یەکێتی
4- پارتی یەکێتی کورد لە سوریا
5- حیزبی شیوعی کوردستان – عێراق

**یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان**
**26/گەلاوێژی/2705**
**17/ئاگۆستی/2005**